# حةمةنامة (3) ... سلَيمان عةبدولَلآ يونس

بەریتانیا

تفەنگ بەتاریکی نانەوە کار مرۆڤی بەجەرگ نیيە، نیشانەی شپرەزەبوون تەنگاو بوون و هیچ پێ نەمانە، خۆشە مرۆڤ بەتایبەتی کەئەو مرۆڤە نوسەر بێت، لەئاستی پەیامی پیرۆزی نوسیندا بێت و بەقەد بوارەکەی پەل بهاوێت، من پێم وایە یەکێک لەکێماسیە کۆن و بەردەوامەکانی نێوەندی ڕووناکبیری کوردیمان ئەوەیە کە نوسەرانی وڵاتی ئێمە لەیەک کاتدا، شاعیرن، چیرۆکنوسن، ڕەخنەگرن، شیکەرەوەی بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵناسی و ئاین ناسی.. .. . هتد هەرخۆیانن، ئەمە وای کردووە ئاستی ڕوناکبیریمان هەمیشە لە قەیرانێکی کوشندە دابێت و بەشێک لە نوسەرە کۆنخوازەکانیشمان وەکوو پاپاکانی سەدەی هەژدەهەمینی ئەوروپا خۆیان بەسێبەری خواوەند بزانن و بەئارەزوی قەڵەمە میزاجیەکانیان ڕاست و چەپ بەسەر مێژوودا بهێنن و ڕاستیەکان بەئاوەژووکراوی نیشان بدەدەنەوە، دروست وەکوو ئەوەی کاکە حەمەی هێژا دەیکات بەرامبەر بەبەشێکی هەرە پڕشنگداری مێژووی میللەتەکەمان، کەخۆی لە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و کەسایەتی بەرزو بەڕێزی تاڵەبانی دا دەبینێتەوە، من ناڵێم ئەوانە لە ڕەخنەو کەم کورتی بەدەرن، بەڵام نابێت هەرگیز ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکرێت، کە ئەو دەسکەوتانەی ئەمرۆ لەژێر ڕێبەرایەتی تاڵەبانی و بارزانی و دوو پارتە کوردستانیەکەی ئەواندا هاتوونەتە بەرهەم سەرەڕای هەموو ئەو کەم و کوڕیانەی کە لە نێو ئەو دەسکەوتانەشدا هەن، خۆلادان لەو ڕاستیە مێژوو کردە نەفامی و نەزانی و نمەک بەحەرامی نیشتیمانیشە.

جارێ حەزدەکەم ئەوە بزانیت مامەڵەی سیاسەتی ئەمریکا هەرگیز لە گەڵ دەم و چاودا نیيە، مامەڵەو دۆستایەتی ئەمریکا لەگەڵ گەلی کوردە، بێگومان کوردێک کەبەعەقلێکی کراوە تەماشای سیاسەتی نوێی جیهان بکات و لە بەرەی دیموکرسی و دژە تیرۆری جیهانی دابێت، دەتوانم زۆر بەسادەیی پێت بڵێم بەڕاستی شیکردنەوە و لێکدانەوە سیاسیەکانت زۆر سەریان کرد! باشە ئەگەر تاڵەبانی جێگای بایەخی ئەمریکا نیيە، ئەدی چۆن بوو بەسەرکۆمار؟ چۆن هاوتا ئەمریکیەکەی [سەرۆک بۆش ] بەپەلە و هەر لەناو فرۆکە تایبەتیەکەیەوە و بە مۆبایلەی دەستی و بەگەرمی پیرۆزبایی لێ دەکات؟!چۆن هێزە دەریایەکانی ئەمریکا بە سارۆخی دوور هاوێژ و لە دەریاوە بنکەو بارەگای جوندلئیسلامیان کە تۆ بە مسوڵمانی ڕاستەقینەیان لە قەڵەم دەدەیت بۆ یەکێتیی و مام جەلال تەفر و تونا دەکرد و پسپۆڕانی بواری سەربازیشیان شان بەشانی هێزی پێسمەرگەی کوردستان و لەژێر فەرماندەیی تاڵەبانی دا پەلاماری مۆڵگەی تیرۆرستانیان دەدا و پڕ بەگەرووی کێوانی سەرکەشی هەورامان سیا چەمانەیان دەچڕی و هەورامانی بەهەشتی عیشقیشیان بەئەمانەتەوە تەسلیمی ڕیشە سپیەکەی مەولەوی دەکرد؟! چۆن دوێنێ خاتوو ڕایس بە دوو قۆڵی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم سالح کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی تاڵەبانیيە لە مەمەڕەکەی کۆشکی سپییەوە بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەهاتنەدەر؟! تۆ بڵێی کاکە حەمە وا بەسانایی بتوانیت خۆڵ بکەیتە چاوی میللەتێکەوە، لەسەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیای جیهانگیری دونیای کردۆتە گوندێکی بچوک، گۆڕت پڕ نوور بێ حەزرەتی مەحوی کە فەرمووت شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگات کە دنیا خەراباتە ئەمرۆ.

slemanyunes@yahoo. co. uk